# ڕەش و سپی

• کەژاڵ ئیسماعیل

دایکم ئەیووت:
ڕەش مەپۆشە.. ئەڵێن شوومە
سەرتاپاشت مەگرە سپی
تۆ مەیت نیت!
ئەو نەیئەزانی
ڕەنگی بەختم ڕەشە و
خۆشی یەکەم کەس بوو
کفنی سپی
بۆ دووریم!
پێشی ووتم:
پێمەکەنە.. لێت ئەبێتە عەیبە
نەیئەزانی
کە گەورە بووم
غەرقی حوزنێک ئەبم
هەموو پێکەنینەکانم ئەخنکێنێت
خۆزگە شێت ئەبووم
تا بە گەورەیی
حەسرەت بۆ قاقایێ
سینەم نەگرێت!
* * *
دایکم ئەڵێت:
لەبەیانییەکی ئارامدا
چاوت هەڵهێنا و
مێژووی لەدایک بوونیشتم
لە ژوور سەرمەوە نووسی..
کەچی
چەند ئەگەڕێم
لە ڕموزەکانی سەر دەرنابەم
تا بزانم چ زەمەنێک منی دیل کرد
وا دەستم بەتۆ ناگات!؟

* * *

**لێم ئەپرسی کامە ڕەنگت لاپەسەندە ؟**
**ئەڵێم ؛ ڕەش**
**ئەڵێی ئەی بۆ  سپی نەبێت ؟**
**ئەڵێم : چونکە ئەڵێن ..**
**ژن سێ جار سپی ئەپۆشێت**
**سێ جار ئەمرێت**
**جارێک لەدایک ئەبێ و**
**کاتێ  بەبووکی ئەچێ و**
**دواجاریش لەگۆڕستان ئەیپۆشێت!**
**بۆیە خۆشم لەڕەنگی سپی نایەت**

* * *

**ئەمشەو دڵم وەک هەورێکی ئاوس بەئازار**
**ڕەشە .. و**
**تۆش خەمساردانە**
**لەسەر سپیایی دەفتەرەکەم**
**داوای قەسیدەیەکی سپیم لێ ئەکەیت!**
**..............**